# خوێندنەوەیەکی فێمێنیستانە بۆ کۆچیرۆکی "دەزگیرانە قوڕینەکەم"

سۆران محەمەدە سوورە
(سۆران)

(١ - ٢)




**دەروازەیەک بۆ کۆمەڵە چیرۆکی "دەزگیرانە قوڕینەکەم"**

دەزگیرانە قوڕینەکەم، کۆمەڵە چیرۆکی چیرۆکنووس "کازیوە ساڵح"ە، ساڵی ٢٠١٢ لە چاپخانەی ئاراس، لەچاپ دراوە. ئەم کۆمەڵە چیرۆکە بیست و هەشت چیرۆکی لە خۆ گرتووە، هەژدە چیرۆک لەو کۆمەڵە چیرۆکە بە شێوەیەکی بەرچاو باس لەزوڵم، شەرمە و کوشتنی ژن دەکات. لاوازی، نزم سەیرکردن و لەشیش وەک چێژ و سەرچاوەی دامرکاندنەوەی ئالۆشی پیاو، خراوەتە روو.

نووسەر خۆی ئامادەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لە داواکردنی مافی ژناندا هەبووە، چ لە ناوەوەی کوردستان، چ دوای رووکردنە دەرەوە. کازیوە ساڵح جیاواز لە ژنگەلێکی نووسەر خوێندنەوەی بۆ کێشە و پرسی ژنی کورد و ژنایەتیی کوردی جیاوازە، چونکە ناوبراو لەلایەک منداڵی و گەنجیشی هەر لەنێو نەریت و ژینگە و فەرهەنگی نەتەوەکەی خۆیدا بەسەر بردووە، لەلایەکەی دیکەیشەوە بەهۆی رووکردنە هەندەران و تێکەڵبوون بەو کەشە ئازاد و یەکسانییەی، کە لەوێ لە ئارادایە، ئاگاداربوونی لە کارە رێکخراوەیی و بزووتنەوەکانی ژنانی ئەورووپا و چۆنیەتی هەڵوێست وەرگرتنیان بۆ ماف و ئازادی ژن، تێگەیشتنێکی نوێی بۆ بواری چالاکی ژنان و بزووتنەوەکانی ژنان لە کوردستاندا، خستووەتە روو.

بەشێوەیەک چیرۆکەکانی رێکخستووە، کە دەنگی پاڵەوانی چیرۆکەکان، لە هەناوی لێبوردەیی، مرۆڤدۆستی و یەکسانیی رەگەزییەوە رێ دەکات. کارەکتەرەکانیش ژنن و لەلایەن پیاوانەوە ناڕەوایی و زوڵمیان لێ دەکرێت و دەچەوسێنرێنەوە و وەک کازی و مەرام بەکارهێنراون و رەگەزەکەی دیکە ئالۆشی خۆیانیان لێ بەتاڵ دەکەنەوە. پاڵەوانەکان هەڵقوڵاوی ئەو فەرهەنگ و سیستمە دواکەوتووەن، کە هەمیشە ژن قوربانیدەر بووە و پیاویش وەها براوەیەک کە بەشان و باڵیدا هەڵبگوترێت.

هەندێک لەو چیرۆکانە وەک (دەزگیرانە قوڕینەکەم، یان ژووری ژمارە ٥٠٨، کێ کوشتنەکەی ئاشکرا کرد؟ مەیموونستان، ئەو سێوەی دایکیشم بە خواردنی

گوناهباری کردم، ژنەکانی ژەنەراڵ، کچە ئازادەکە) جێگەی سەرنجن.

چیرۆکنووس باس لە کێشەکانی ژن لە کوردستان دەکا، هۆکردەکان و گرێکوێرەی دروستبوونی ئەم ئاریشانەش دەخاتە ڕوو، خودی بەربەستەکانیش کە هەمیشە نێر/ پیاو لە پشتییەتی، دەخاتە بەردەم نەشتەری ڕەخنە.

کازیوە ساڵح خاوەنی بیرێکی یەکسانیخواز و داکۆکیکاری ژنە، لەو ڕوانگەوە کە ژنی کورد هەمیشە ڕووبەرووی کەم سەیرکردن و هێنانەوەی ژن وەک زەعیفە و خزمەتکار و تێرکەری ئەو" ژەنەراڵ/ پیاو"ە بووە، کە گوایە هۆشێکی ڕەهای هەیە و بەرزترە لە ژن و ژن زیاتر سۆزی هەیە، بۆیە پیاو مافی بەسەر ژنەوە هەیە، خاوەنداریەتی بەسەرەوە بکا و لەگەڵی ڕابوێرێ و ئارەزووەکانی خۆی لێ تێر بکات.

هەوڵی ئێمە خوێندنەوەی ئەم کۆمەڵە چیرۆکەیە، لە چەند ڕوانگەی جیاوازی بزووتنەوەی ژنان، کە ژن خوازیاریەتی، کاری بۆ دەکا و لە ژیانی کارەکتەرە سەرەکی و لاوەکییەکانی نێو کۆمەڵە چیرۆکەکەش" دەزگیرانە قوڕینەکەم"ەوە ڕەنگ دەداتەوە.

## نیشاندانی سروشتی دایک لە دەسەڵاتێکی پاتریارکیدا

ژن هەمیشە لە کۆمەڵگەکان بە گشتی و کۆمەڵگەی کوردی بەتایبەتی، لە پەراوێزی کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری و ئابووری... تاد، گۆش کراوە. هۆکارەکەشی سروشتی ژن خۆی نەبووە، بەڵکو کۆمەڵگە و هێزی خۆسەپێنەر ئەمەی خستووەتەوە، پلە و چینایەتی دروست کردووە، بۆیە دەبینین پاڵەوانەکانی نێو چیرۆکەکانی" دەزگیرانە قوڕینەکەم " هەمیشە لە پێگەی کۆمەڵایەتیدا کەنارگیر کراون. ئەو ڕۆڵەیان لێ سەنراوەتەوە، یان پێیان نەدراوە، کە دەبێ ئەمیش وەک ڕەگەز هەیبێت، بۆیە دەبینین هەمیشە ژن لە گۆشەیەکی ماڵدا هێڵراوەتەوە، «دایکی هەموو جارێک بانگی دەکرد" کچم وەرە بۆ چێشتخانە با ڕێگەکانی گەشتن بە دڵی پیاوت فێر بکەم.» ل١١٨.

ئەم بیرکردنەوەیە، بیرێکی باوی نێو فەرهەنگی خێڵەکی کوردیی هی بەرییە و تا ئێستاش خەڵکگەلێک چ پیاو چ ژن، هەڵگری وەها تێگەیشتنێکن، کە گوایە ژن دەبێت خزمەتی پیاو بکا و تەواوی تەمەنی لە چێشتخانە بباتە سەر. ئەم چیرۆکە ئەوە نیشان دەدا، کە هەمیشە پیاو خۆی لە پێشەوە داناوە و ژنیشی وەک خزمەتکار سەیرکردووە. هەڵبەتە هەر ئەم پیاوەش بووە کە ئەو دایکەی دروست کردووە، کە بڵێت: ڕازیکردنی دڵی پیاو؛ گەیشتن بە دڵی پیاو، کارێکی پیرۆزە و جوانی بە ژن دەبەخشێت. بە واتایەکی دیکە لێرەوە کازیوە ساڵح دەیەوێت پێمان بێژێ: دایکی کورد خەونی خۆی لێ سەنراوەتەوە، بۆیە هەر خەونێکیش کە هەیبوویبێت ئەوە خودی سیستمی پیاوسالاری بۆی چێ کردووە، ئەوە نییە هەموو ڕێگەکانی ژنی هەر بۆ لای خۆی بردوونەتەوە.

بۆیە چیرۆکنووس سەرکەوتووانە توانیویەتی، لە هەناوی نەریتە دواکەوتووەکەی گەلەکەیەوە، کارەکتەر دروست بکات. بیری هۆشیاری و هەڵوێستیش لە بەرانبەریدا و یاخی بوونی کچی تێگەیشتوویش، نیشان بدات:

«ئەویش بە دەم بۆڵەبۆڵەوە ئەی هاوار کەی لەم عەقڵە کۆن و تۆزگرتووەی تۆ ڕزگارم دەبێت» کورتە برووسکەکانی غوربەت- برووسکەی یەکەم، ل١١٨. لێرەوە چیرۆکنووس دەیەوێت ئەو پەیامە بگەیەنێت، کە دایکان کەوتوونەتە ژێر ساوێر(وەهم)ی عەقڵی کۆن و پێویستە وەئاگا بهێنرێنەوە، سەرەڕای ئەمە پەیامێک ئاراستە دەکا، کە دەبێت کچان سەردەمیانە بیربکەنەوە و خاوەنی کەسیەتی و بڕیاری خۆیان بن. تەنیا کەسێکیش کە ئەم دایکە بەئاگا بهێنێتەوە، ئەوە خودی کچەکانیان/ ژنان خۆیانن، چونکە ئەمانیش هەر ئەو مێیینەیەن، کە وەک یەک جیاوازی ڕەگەزی و نایەکسانی گرتوونییەوە و دەیانگرێتەوە، ئەگەر یەک نەگرن و بەئاگا نەیەنەوە و بە بیرێکی نوێ و سەردەمیانە لە دنیا و ژیان نەڕوانن. ئەگەرنا هەر ئەو ڕەگەزە دەمێنێتەوە لە چێشتخانەدا بێ و هەوای ژیانی ئازاد هەڵنەمژێت، چونکە ژنیش وەک پیاو پێویستە بۆ خۆی بژێت، بۆیە لای کازیوە ساڵح دڵی پیاو، دڵێکی ڕەقە، لە بەرانبەر ژن، چونکە هەر خۆی ژنی خستووەتە پەراوێز و گۆشەی چێشتخانەوە، ئینجا چۆن دایک ڕێگەیەک بۆ کچەکەی بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی بە دڵی پیاو بگات؟!

«هەرگیز وا نییە، بیرت چوو

خۆتان پەروەردەکەری ئەو داوانەن... ئێمە هەر لە لەدایکبوونەوە، لاسایی زمانی ئەو دایکانە دەکەینەوە کە باوکمان قۆپچەی ڕەشی داوە لە زمانیان و چاوەڕوانی جەنەڕاڵی قەدەرە لە خەزانێکدا بیانوەرێنێت.» ل٨٩.

ئایە ئەم دایکە توانیویەتی لە کونجی ماڵەوە ئەم ڕێگەیە، کە پیاو وەک داهۆڵێک سەرەڕێی گرتووە، بگرێتە بەر، یان بیدۆزێتەوە، یان لایەک لەم ڕێگەیە بکاتەوە؟! بۆیە بە تەوسەوە پاڵەوانی چیرۆکەکە دەڵێت «تۆ هەرگیز ڕێگەیەکت زانیوە بمگەیەنێت بە عەقڵی پیاو، نەک دڵی، مەبەستم مەعیدەی؟» کورتە برووسکەکانی غوربەت- برووسکەی یەکەم، ل١١٨.

گەدەی پیاو، لە لایەک ئاماژەیە بۆ هەرسکردنی خواردن، تێرنەبوون و چێژ وەرگرتنی پیاو، لە ژن دەکا، لە لایەکی تریشەوە گەدەی پیاو، بریتییە لەو ئیمپراتۆریەتە مێژووییەی، کە دروستی کردووە: بە چەوساندنەوە و لەگۆڕنانی خەونی ژن. مێژوویەک کە پیاو وای لە ژن کردووە بۆ گەیشتن بە دڵی، دەستبەرداری خەونەکانی بێت و لە گۆشەی ماڵەوەدا بمێنێتەوە و خواردن پێشکەشی ئەو پاشایە بکا، کە هەرگیز لە ئاستی ڕەگەزی بەرانبەر سەیری نەکردووە، کە وەک ئەم خەون، مەیل و پرسیاری هەیە، ئەمیش گەرەکیەتی شەرەفمەندانە و ئازادانە بژێ و هەناسە بدات.

«ڕۆڵە خوا عەقڵێکت بداتێ کە پێی بژیت، چونکە ئەم عەقڵە ناتژێنێت» کورتە برووسکەکانی غوربەت- برووسکەی یەکەم، ل١١٨. هەمیشە مێتبوونی ژن، وای کردووە پیاو دەسەڵاتە میرییەکەی خۆی بەرفراوان بکا و پەرە بە مێژووە چەوسێنەرایەتییەکەی خۆی بدات. «تا خواستی دەسەڵاتداری زۆرتر و زاڵتر بێ ئاستی هۆشیاری لاوازتر و کوڵتر دەبێ، خواستی ملکەچبوون باڵاتر دەبێ، مرۆڤی ملکەچ لە سروشت و بەهای ئازادی ناگا، تەنیا مرۆڤی ئازادیش هەڵگری مەزندەکردن و هۆشیاری مافی بەرانبەرە، مافیش باسی کاتی نەبوونی دەسەڵات و ژێردەستەییە، کەواتە ژن کە بە مرۆڤی بێ دەسەڵاتی ناو کۆمەڵ ناوزەد کراوە و کۆمەڵیش بێ دەسەڵاتی دەسەڵات ناکرێ لە زلهێزیی دەسەڵاتەوە داوای ماف بکات.» (١) بۆیە دەبینین دەسەڵاتی پیاوسالارانە، بوارێکی بە ژن نەداوە کە بیر بکاتەوە، پرسیار بکا و بڵێت و بڕوات، بۆیە ئەمەش وای کردووە، کە پیاو هەمیشە براوە بێ، لە بەردەمی بێ هەڵوێستییەک کە خۆی بۆ خۆی فەراهەمی کردووە. هەر وەڵامدانەوەیەکیش بە کوشتن و بەردباران کردن کۆتایی پێ دێنێت، بۆیە عەقڵێک کە هەڵوێستی نەبێ و بیەوێت کۆیلانە بژێت، ئەوە دەبێت ئەم نەوەیەش وەک دایکی هەمیشە لە سووچێکی ماڵەکەیدا، خەریکی ناوماڵی بێت، ئەگەرنا ئەقڵی نوێ و بیری نوێ قڕانی دەکا و نایژیەنێت، بۆیە خۆشویستنی پیاو بۆ ژن، لەم چیرۆکەدا تەنیا بۆ گەدەکەیەتی.

## جیاوازی ڕەگەزی و ترس لە ڕەگەزی نێر؟

جیاوازی ڕەگەزی و هەبوونی نایەکسانی لە کۆمەڵگەی کوردیدا، ژنی کردووە بە ڕمووزن. لەوێوە ژن وەک نامووس، نێوگەڵی وەک ئافات و ئابڕووچوونی خێزانەکەی لێکدەدرێتەوە، بۆیە چیرۆکی" ئەو سێوەی دایکیشم بە خواردنی گوناهباری کردم" چیرۆکی کچێکە سەرتاپای منداڵی لە نێو ترس و شەرمەدا بەسەر بردووە. ترسێک کە وای کردووە، لە خەونیشدا دار، دیوار...تاد، لێی ببن بە سێبەری باوک و برا.

کارەکتەری چیرۆکەکە کچێکی یازدە ساڵانەیە. هەر بە منداڵی و لەو تەمەنە بچووکەیەوە بە گوێیدا چرپێنراوە، کە نابێت تێکەڵاوی هیچ نێرینەیەک بێت، ئینجا چ لە خوێندنگە بێت، یان لە ڕێگە قسەکردن لەگەڵ کوڕ، هەموو ئەمانە بۆ کچان تابۆ کراون و نابێت لێی نزیک ببنەوە.

«دایکم بە نیوەی هاوپۆلەکانمی گوتبوو هەر شتێکیان لێ بینی یا لە ڕێگە لەگەڵ کوڕدا قسەی کرد خێرا وەرن لە ماڵەوە بەمن بڵێنەوە»، ل١١٤.

هەر ئەمەش وای کردووە کە کارەکتەر/ کچی کورد، تێکەڵاوی ڕەگەزی نێرینە نەبێت و باوەڕ بە هیچ پیاوێک/ کوڕ، نەکات. «هەزارجار پێم وتوویت و پێت دەڵێمەوە، ئەوەی نێر بوو باوەڕی پێ نەکەیت، تەنانەت گەر باوکیشت بوو، ئەگەر ئۆتۆمۆبێلێک لە ڕێگە ماڵی هەر کەسێکی لێ پرسیت نزیک نەبیتەوە»، ل١١٢.

ئەوە سیستمی خێڵەکی و باوکسالارییە قوربانی بە هەردووک ڕەگەز کچ/ کوڕ، دەدات، ئەو دوو ڕەگەزەی سروشت هەڵی بژاردوون و

خودا وەک یەک گیانی بەبەردا کردوون، ئیتر لە یەکتری دەکرێن. کوڕ دەبێتە ڕەگەزی دڕندە و کچیش دەبێتە ڕەگەزی شوورەیی، شەرمە و سەر بە فەتارەت. ناڕەوایەتییەک پیاو دووجار بەخۆی دەکات، جارێک بە ڕەگەزی بەرانبەر و جارێکیش بە خۆی، کە خۆی وەک دڕندە دەناسێنێت.

ئەم کچە داماوە تەنانەت سووڕی مانگانەشی، کە سروشتی خۆیەتی، لێی ڕادەکات و لێی دەترسێت، چونکە هەموو شتێکی لەلا کراوەتە شەرمە و شوورەیی.

- دایکە عەیبە یانی چی؟

- واتە خوا دەتخانە جهەنەمەوە.......، ل١١٠.

بۆیە هەموو پرسیارەکانی بۆ دەکرێنە ترس و دڵەڕاوکێ، هەرکە خوێنی مانگانەش دەبینێت، ئەوە لە خوێندنگە بۆ ئەوەی هاوڕێکانی نەیبینن، قسەی بۆ هەڵنەبەستن و نەیگەیەننەوە بە دایکی، ئەوە پەنا بۆ پاسارانی خوێندنگەکە دەبات.

تەنانەت کە خەونیش دەبینێت، کوڕێک ماچی دەکات و سکی لێ پڕدەبێت، ئەوە لە کاتی سووڕی مانگانە و بینینی خوێن، ترس دایدەگرێت و ئەم خەونەی وەک ڕاستییەک بۆ دەردەکەوێت، چونکە پێشتریش چیرۆکی ئەو کچەی بیستووە و زانیویەتی کە چۆن بەهۆی سکپڕبوونی لە خۆشەویستەکەیەوە، نەفرەتی لێ کرا و بەبێ ڕەوشت ناوی برا.

ئەمە جێگەی هەمیشە کۆچکردنی کچانمان بووە، بۆ ژوورە تاریکەکان. ئەمەیە کەپتکردن، کە هەمیشە کچی کورد تێکەڵاوبوونی لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەریدا، بۆی کراوەتە شەرمە، لە وەڵامی بۆچییەکەشیدا؟ ئەوە هەمیشە پەنا بۆ ئەو سزایە براوە، کە خودا دەتخاتە دۆزەخەوە. هەرگیزیش ئەم تێگەیشتنە باوەی کۆمەڵگە، ئەو بوارەی بە ژن نەداوە وەها تێگەیشتنێک بخوێنێتەوە و لێکی بداتەوە و ڕەزامەندی بۆ دەرنەبڕێت.

ئیتر ئەمە دەبێتە هۆکارێک و وا لەو کچە دەکات، کە تەنانەت سەیرکردنی ئاوێنەش بۆی نەشیاوە، چونکە پێی دەڵێن: «دڵت پەیدا کردووە»، ل١١٤، بۆیە ئیتر سەیرکردنی ئەو بۆ ئاوێنە، سەیرکردنی ڕوخساری نابێت وەک سروشتی خۆی، وەک هەر کوڕ و کچێک، کە لە جوانی خۆیان حەیران دەمێنن، بەڵکو کاتێک سەیری ئاوێنە دەکات، بۆ ئەوە سەیری دەکا، کە ئەو جیاوازییانە ببینێتەوە «کە شوانی برامی لای دایکم شیرین کردووە و منیشی نابووت کردووە»، ل١١٤، ئیتر گەڕان بۆ دۆزینەوەی جیاوازییەکان، دەبێتە بەدزی سەیرکردنی ئەو بۆ ئاوێنە، تا بزانێت بۆچی ئەم شوومە؟! کەچی ئەو/ برا، پیرۆز و ئازادە. بۆچی لەشی ئەم کارەساتە و مایل بە دیلکردنیەتی؟ تۆ بڵێی پێوەندییەکی ڕەگەزی لە نێوان مێ و ئاوێنەدا نەبێت؟ کە تەواوی منداڵیەتی لە نێو ئاوێنەدا بۆ نەبێتە خۆ ناسکردن، درککردن و پێشیانی سۆز و جووڵانی ئارەزوو، هەڵبەت ئەمە لە هەردوو ڕەگەزدا و بەبێ گەڕانەوە بۆ نارسیس.

## ئازارەکانی کچ بوون

لە دایکبوونەوەی زەوی، هەڵگرتنی جیاوازیی ڕەگەزی نێوان ژن و پیاوە، کە چیتر ژن وەک ڕەگەزی کەمتر، شووم و ئابڕووبەر... تاد، سەیر نەکرێ. ژنیش لە زمانی خۆی و تێڕوانینی خۆیەوە، ئەمیش گوزارشت لە ژیان، بوون و گەوهەری مێبوونی خۆی بکات. ئەوە ڕوونە کە ژن لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا هەمیشە سەرکوت کراوە و دەچەوسێنرێتەوە، هەموو ئەمانەش بە هۆی مێبوونییەوە بووە. هەڵەیەک کە هەرگیز نەیکردووە، مێبوونیەتی، بەڵام نا مێبوون؛ ڕوحی پاسارییەکە، لە فڕین بەنێو ئەبەدییەت. مێبوون ڕوحی شیعرە، بەفرە کاتێک سەر بە زەویدا دەکا، بۆ لەدایکبوونەوە و ژیانەوە.

چیرۆکی" دارسێوەکەی باپیرم" وێنای ئەم جیاوازییە ڕەگەزییە دەکات، لە نێو خێزانی کوردیدا، ئەمیش لە ڕێگەی میراتەوە. ئەم چیرۆکە ئەوە نیشان دەدات، کە هەرگیز لە نێو خێزانی کوردیدا وەک یەک سەیری کچ و کوڕ نەکراوە، ئەمەش بووەتە فەرهەنگ و هەمیشە کوڕ لەپێشتر دادەنرێ و کچیش نەک هەر لەدایکبوونەکەی، بەڵکو بەرگوێکەوتنی ئەوەی، کە منداڵە لە لەدایکبووەکە" کچە؟!" ئەوە نێوچاوانی باوک، برا و مام، گرژ دەبێت، چونکە لە لەدایکبوونی کچ، گوایە هێنانی بەڵایەکی گەورە و شوورەییەکی مەزنە. سەرەڕای ئەوەی کە مافی میرات بەخشکەریش، هەمیشە پیاو سەرقافڵەی ئەم کاروانە و خاوەنی هەموو شتە هەبووەکانی بنەماڵە و کوڕە لە پێشەکەی خێزانەکەیە.

«باپیرم بەر لەوەی بمرێت ماڵ و موڵکەکەی بەسەر کوڕ و کچەکانیدا

دابەش کرد و ئەو دارسێوەشی بە من بەخشی. من تەنیا نەوەیەکی بووم لە نێوان یازدە نەوەدا شتم بەرکەوت، ئەویش تەنیا بە خواستی باپیرم»، ل٩.

هەڵبژاردنی نەوەیەک لەنێو یازدە نەوەدا لە لایەن باپیرییەوە، ئەمیش کچ و بەخشینی دارسێوەکە، کە میراتییەکی بنەماڵەییە، ئەوە هەر زوو تەقینەوەی نەک تەنێ پیاو، بەڵکو ژنیش لەبەردەم پێدانی ئەم بەشە میراتە ڕوودەدات، چونکە کچەکانی باپیرەش میراتیان دەکەوێت، کە ئەمانیش کوڕیان هەیە.

«ئامۆزا و پوورزا هەرزەکار و کامڵەکانم دەنگی نارەزایەتییان گەیاندە ئاسمانی سەروو دارسێوەکە، مامەکانم و پوورەکانم خەریک بوو دیوەخانەکەی باپیرم بکەن بە گۆڕەپانی جەنگی مەغۆلەکان»، ل٩.

هەرزوو نارەزایی ئەوە دەردەبڕن، کە ئەم بڕیارەی باوکیان، واتە باپیری کچەکە داویەتی، ئەوە بڕیارێکی ئێجگار هەڵەیە و نادادپەروەری تێدایە، چونکە:

**یەکەم:** منداڵەکانی مامی گەورە، ڕەچاو نەکراوە، کە لە پێشترن.

**دووەم:** بەخشینی وەها دارسێوێک، کە ئەو هەموو شەڕ و قوربانییانەی، کە لە پێناوی پاراستنی ئەم دارسێوەیە دراوە، ئێستا دەدرێت بە نەوەیەکی یەکێک لە کوڕە بچووکەکانی و سەرەڕای ئەمەش ئەو نەوەیە، کوڕ نییە و کچە، چونکە کچ بە دیتەی ئەمان ئەوە نە هێندە لە پێشەوەیە، نە توانایی پاراستن و بەرگەگرتنی هەیە. تا بەو هۆیەوە بەسەر مافی نەوەکانی، کە کوڕی گەورەیە باز بدرێت. ئەم تێڕوانینەش لەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ژن زوو خۆی لەدەست دەدات و توانایی بەرگەگرتن و داکۆکی کردنی نەک هەر لە کەس و شت، بگرە لە خۆشی نییە، ئەمەش بیرکردنەوەیەکی هەرە لاواز و کۆمەڵگەی داخراوە، هەڵقوڵاوی ئەو دەسەڵاتەیە، کە پیاو پاوانی کردووە، ئەمەش سیمای کۆمەڵگەی داخراوە بە ڕووی شارستانییەت و دیموکراسی و یەکسانی نێوان مرۆڤەکان.

یەکێک لە بیرە هەرە سەرەکی و مرۆڤدۆستییەکانی ژنایەتی، لەو دەقەدا ئەدگاری خۆی، یان بیری خۆی تێدا لەق نەکردووە، کە باپیری خودی کارەکتەر/ کچەکە، دەڵێت «من خۆم دەزانم چ ئازارێک لە ناخی ئەم دارسێوەدایە و دەشزانم منداڵەکان و نەوەکانم کامیان باشتر تیماری ئەو ئازارانەیان پێ دەکرێت و کامیشیان مێژووی ئەو دارسێوە وەکو خۆی دەڵێتەوە»، ل١٠.

ئەم چیرۆکە ڕێگرییەکانی بەردەم ژن، هەر تەنیا بە پیاو نابەستێتەوە، بەڵکو ژنیش بەشێکی ئەم ڕێگرییەیە، سەرەڕای ئەمەش وێنای پیاوێکی شکۆمەندیشمان بۆ دەکێشێت، کە بیردەکاتەوە و جیاوازی ڕەگەزیش وەلاوە دەنێت. وەڵامی ئەم هەڵە تێگەیشتنەش دەداتەوە، کە گوایە ژن توانایی پارێزگاری و پاراستن و بەرگەگرتنی نییە و ناتوانێت بارودۆخەکان تێپەڕێنێت، بەڵام وەدەنگهاتنی پیاوی هۆشیار، ئەوە ڕێگە بە وەها تێگەیشتنێک چۆڵ دەکات، «باپیرم سوور بوو لەسەر قسەی خۆی و گوتی، ڕۆڵە منیش بۆیە دەیکەم بە ناوی ئەم کچەی تۆوە، دەمەوێت ببێت بە موڵکی کەسێک کە بتوانێت بە گڕ ژیاندا بچێت"، ل١١.

لێرەدا گەرەکە ئەوە بگوترێت، کە هەر سێوێکیش لەو دارسێوە، ژنێکە، مرۆڤێکە. هێنانی ناوی دارسێو لەم چیرۆکەدا، ئاماژەکردنە بەوەی کە ژن وەک سەرچاوەی ئاشکراکردنی زانین و خواردنی بەری دارسێوی بەهەشت، کە زانینی بۆ مرۆڤایەتی کەشفکرد، هێنراوە، بۆیە ژن ئەو مرۆڤە کارکەرەیە کە هەمیشە بزوانی بۆ ژیان و ژیانێکی نوێتر تێدایە. مرۆڤ کاتێ لە بەها مرۆییەکان دادەماڵرێت، ئەو کاتەیە کە چالاکی نییە، چونکە چالاکی ڕیشەی هەیە، کە خواستە.

بۆیە دارسێو: پێگە و جوانی و ڕۆڵ و کاریگەری ژن لە کۆمەڵگەدا نیشان دەدات. کەچی ئێستا بۆچی ناکرێت ژن خاوەنی شتێک نەبێت. «من دەمێکە لەوە تێگەیشتووم ئەوەی خەڵکی مەملەکەتی حیکایەتخوانەکان شێتگیر دەکات ئەوەیە ژنێک خاوەنی دارسێوێک بێت»، ل١٣. ئەمڕۆ ئەو لاپەڕەیە هەڵدراوەتەوە و نهێنییەکەی خوێنراوەتەوە، کە پیاو و پیاوی کوردی، بۆچی ترسی لە ژن هەیە ببێتە خاوەنی خۆی و خۆی بڕیار بدات، چونکە ئەودەم ژن پرسیار لە ناسنامە ڕاستەقینەکەی دەکات و بەدوای بوونە ڕەسەنەکەی خۆیدا دەگەڕێت، چیتر ئەو مرۆڤە بەنامرۆڤکراوە نامێنێتەوە بۆ پیاو، کە سەرچاوەی چێژبینین و سۆز جوولاندنی پیاو بووە، بۆیە هەرگیز ناکرێت وەک ترس سەیری: ماف و ئازادی و بزووتنەوە فێمێنیستەکان

بکەین، بۆیە باسکردن لە ئازادی، نە تەنێ ژن، بەڵکو هاوکات پیاو خۆیشی خوێنێکی لەبەر ڕۆیشتووی برینێک دەبێت، برینێکی قووڵ، کە هەمیشە ئەگەری نەخۆشییەکی تری کوشندەی بۆ سەر مرۆڤایەتی و کۆمەڵگەی لێ دەکرێت. برینێک دەبێت هەمیشە کولاوە، کە مرۆڤ پێوەی دەتلێتەوە، بێ ئەوەی خواستی بۆ چارەسەرکردنی هەبێت، بۆیە باسکردن لە ئازادی نەک تەنیا پیاو، بەڵکو مرۆڤ سارێژکردنی برینێکی قووڵە، کە مێژووی دەسەڵاتی باوکسالاری کردوویەتییە ژیانی کۆمەڵگەوە؛ کردنەوەی دەرگە داخراوەکانە بە ڕووی ژیانێکی یەکسان و بەختەوەر.

## نموونەی ژن وەک دایکێک دوای کۆستکەوتن

ژن هەمیشە لە گەلێک بار و ڕووداودا لە پیاو خۆڕاگرتر و بەهێز تر بووە، تەنانەت لە ژیانی هاوسەریەتی و چاوەڕوانیشدا، ئەوەندەی ژن بە بێگەردی و خاوەنی نەشکاندنی بەڵێنی هاوسەریەتیش دوای کۆستکەوتن و لەدەستدانی مێردەکەی ماوەتەوە، ئەوە پیاو ئەوەی نە کردووە نە لە دەتوانایشیدا هەبووە بیکات. بە مانایەکی دیکە، ئەوەندەی ژن دەتوانێت بۆ منداڵەکەی کچ/ کوڕ، دوای لەدەستدانی مێرد، یان لێکجودا بوونەوەیان، پارێزگارییان لێ بکا، نانیان بدات و پەروەردەیان بکات، ئەوەندە پیاو بۆی ناکرێت، چونکە بەڕاستی ژن توانایییەکی بێ سنووری لە چاوەڕوانی و دان بەخۆداگرتن هەیە. ئەی بۆچی بە سۆزداری زیاتر لە پیاو سەیر بکرێت؟ ئەوە نییە پیاو هەر زوو دوای مردنی ژنەکەی، زوو، یان درەنگ ژن دێنێتەوە، بەڵام ژن لەسەر منداڵەکانی دادەنیشێت، تا گەورە دەبن. لێرەدا دایک/ ژن تەمەنی گەنجی خۆی بە منداڵەکانی دەبەخشێت؟!

یەکێک لە چیرۆکە سەرنجڕاکێشەکەی نێو" دەزگیرانە قوڕینەکەم" چیرۆکی" ئەو بخووری نەمری دادەگیرسێنێ"یە، کە دوای ئەوەی کە "ئەم" کە دایکی "ئەو"ە، واتە دایکی کچەکەیە، ئەو کاتەی باوکی لە شەڕێکدا دەکوژرێت، ئەوە " ئەو" لە سکی دایکیدا بووە، بۆیە دایکەکە بەخێوی دەکات و وەک بێوەژنێکی داوێنپاک و میهرەبان دەناسرێت و خەریکی بەخێوکردنی منداڵەکەی دەبێت و مێرد ناکاتەوە، لە وەڵامی پرسیاری شوونەکردنەوەشی، وتوویەتی «من ویستوومە لە ژیاندا بۆ یەک کەس بژیم و بۆ یەک کەسیش بمرم، بۆ ئەو کەسە ژیام، هەر بۆ ئەویش دەمرم» ، ل٩٤.

ئەم دایکە، بۆ بەخێوکردنی کچەکەی و ئاگالێبوونی، دەکۆشێ و ڕووبەڕووی هەموو ناوونا تۆرەیەکیش دەبێتەوە کە بە دوایەوە هەڵیدەبەستن و چاودێری دراوسێی خراپ و تانە و قسەی بێجێش ڕۆژانە لە بڕانە، تەنانەت ئەو ژنەی، کە کونێکی لە حەسارەکەوە کردووەتەوە و لێوەی چاودێری هەموو خەڵک و جووڵانەوەی هەر هەنگاوێکی ئەم دایک و کچە دەکات، بۆیە هەناسەکانی ئەم کچە و هەناسەکانی دایکێک دوای مردنی مێردەکەی، دەبێت چەند گەرم و چەند جاریش ساردیی دراوسێی چەتوون و خەڵکی بیرکوێر و تێنەگەیشتوو، هەناسە تەنگیان کردبێت؟

## شەرەف، چەکێکە بەدەستی پیاوەوەیە بۆ کوشتنی ژن

شەرەف هەمیشە، لە واتا بەرفراوانەکەی خۆی داماڵراوە و بچووک و بەرتەسک کراوەتەوە، هەر ئەمەش زیانی زۆری بە مرۆڤ/ ژن، گەیاندووە، شەرەف بە مانا بەرفراوانەکەی و لە کۆمەڵگەیەکی کراوەی خاوەن ئازادی و ڕاوبۆچوونی جیاواز، بە واتەی بەها، نرخ، گەورەیی و شکۆمەندی دێت، کە بۆ تاکەکان دەیگەڕێننەوە. کاتێک دەڵێن: فلان کەس، کەسێکی بەشەرەفە، ئەمە واتە ئەو کەسە خاوەنی گەورەیی و ئازادی و ڕوحێکی مەزنە، کە کەس پێی نەداوە، بەڵکو خۆی فەراهەمی کردووە.

بەڵام شەرەف لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکان و دەسەڵاتی پاتریارکی، هەمیشە بەرتەسک کراوەتەوە. ئەو مانا مرۆییەی شەرەف هەیەتی، لێی سەنراوەتەوە و مانایەکی نەرێنی لێ بارکراوە. شەرەفێک ئەوەندەی پیاو بۆ ناسنامە و دەسەڵاتە پاتریارکییەکەی بەکاری هێناوە، ئەوەندە هەڵوەستەیەکی مرۆڤئاسای لەتەک شەرەف نەکردووە، کە ژنی پێ نەچەوسێنێتەوە، بەڵکو پێچەوانە بووەتەوە. ئێستا شەرەف بەندە بە کچێنی و کاری زایەندی (سێکسی)، دوور لە نەریت و شەریعەتە ئایینییەکان. وێجا نێر ئەوەی بۆ ژن بە بێ ڕەوشتی و

شکاندنی یاسا ئایینییەکان سەیری دەکا، ئەوە بۆ ئەم، دەچنە پەراوێزی نەبوونەوە، کەچی ژن بە ناوی شەرەفەوە دەکوژێ و بەردبارانی دەکات، بۆیە زۆرجار تەنیا شتێک دەفریای ئەم کچ/ ژنە داماوە بکەوێ، لە یەکەم شەوی بووکێنیدا، ئەوە دڵۆپێک خوێنە، «تەنیا ئەو پەڵە سوورانە گەواهی دانایی ئێمەن و بورکانەکان ڕامانناماڵن»، ل١٥٣.

لە یەکێکی تر لە چیرۆکەکان، یادەوەری ژنێک دەگێڕێتەوە، کە چۆن بەهۆی دەستدرێژی نامەحرەمەوە، کە باوکی مێردەکەیەتی، لە ڕێگەی بێهۆشکردنەوە سکی ژنەکە پڕدەکات. هەڕەشەشی لێ دەکرێت بە ناوزڕاندن و کوشتن، بۆیە دوایی وا بەباش دەزانێت بەهۆی ئەو خۆشەویستی و وەفایەی بۆ پیاوەکەی هەیبووە، پێی بڵێت و ئاگاداری بکاتەوە، هەرچەندە زۆرجار لەوە دەترسێت، کە باوەڕی پێ نەکات، چونکە: «ئاخر ئەوساش هەر لەو ئابڕووچوونەی ئێستا دەترسام بەبێ تاوان دەیتوانی ئەوە بخاتە پاڵم»، ل٦١، هەر کە پێی دەڵێت، ئیتر ئەوەی بیری لێ کردبووەوە، کە پشت تێکردنی پیاوەکەی بوو و تاوانبارکردنی بە بێ ئابڕوو، کە گوایە درۆ دەکا، منداڵەکە لە کەسێکی ترە و خیانەتی لە هاوسەریەتی کردووە، ئێستاش دەیەوێت پاکانە بۆخۆی بکات، چونکە «پیاوان هەمیشە خۆیان لە ژنەکانیان بەڕاستتر دەزانن و ئەوەندەش ژن بەشەرەفی خۆیان ناوزەد دەکەن، ئەوەندە کەسوکاریان نزیکترە لێیانەوە هەتا ئەو شەرەفە، ....»، ل٥٨.

ڕاستییەکەشی ئەم ژنە هیچ تاوانێکی نییە و بێ گوناهە، بەڵکو ئەوە ئاڵۆشی دڕندەیی نێرێکە، پیاوێک کە خیانەتی لە کوڕەکەی کردووە و ژنێکی بێ گوناهیشی کردووەتە قوربانی ئاڵۆشییەکەی. لەوەش زیاتر، کە هەڕەشەی کوشتنیشی لێ کردووە، کە ئەگەر ئەمە ئاشکرا بکات، یان ئەم کارەی لەگەڵ نەکات، ئەوە ئابڕووی دەبات و دەیکوژێت، چونکە هەمیشە شەرەف چەکی دەستی پیاو بووە، بۆ ناو زڕاندن و ڕیسواکردنی ژن: «لەوەش زیاتر چەقۆیەکی گەورەی لێ دەردەهێنام و دەیگوت دەتکوژم و دوایی دەڵێم شتی خراپم لێ بینیوە و لەسەر لەشفرۆشی کوشتوومە»، ل٦٢.

ئەمە چارەنووسی ژنێک و دوان نییە، بەدەیان و سەدان ژن، تووشی وەها ناڕەوایی و دەستدرێژی کردنەسەر بوونەتەوە و دەبنەوە، دوایش بەناوی شەرەف و لەشفرۆشییەوە دەکوژرێن.

ئەم چیرۆکە گۆرانییەکی غەمگینە. گێڕانەوەی ناڕەواییەکە کە ڕەوەندەکانی بە چیرۆکەوە ژیاو، حەوسەڵەی گێڕانەوەیان نییە. نامە نەگەیشتووەکانی منداڵێک دەگێڕێتەوە، کە نامە بۆ خودا دەنێرێت تا باوکی بۆ بنێرێتەوە، کەچی نازانێت ئەو باوکەی ئەوی بەناو بانگ دەکرێ، باوکی ڕاستەقینەی نییە «... نازانی باوکی ڕاستەقینە لەگەڵ ناوی خۆیدا زنجیرەی سێیەم وەردەگرێ»، ل٦٢. ئەفسووس هەموو نامەکانی منداڵێک لە نەگەیشتن کاڵ دەبنەوە، منداڵێک لەو ڕۆژەوە بۆ ئەو ڕۆژ، لە چاوەڕوانی باوکێکدایە، کە هەمیشە خۆزگە بە ئاراییی خواستنیەتی لە ژیاندا، ئەمە یەکسان دەکرێت بە مەیل و خولیاکانی کچانیشمان، کە هەمیشە نامەکانیان ناگەنە جێ، کە شەرەف هەزاران وێڵ و سەرگەردان دەکا، هەزارانیش نەشتەری شەرەف خوێنیان دەڕژێنێ و خوێنیان دەچێتە گۆزە شکاوەکانەوە.

زۆرجار ئەم گۆرانییە لەگەڵ عەشقێکی ناکام هاوئاهەنگ دەبێت، یانیش داوای دڵنیاییکردنەوە، لە دڵدار و نیازیەتی گۆرانی خۆی بۆ بچڕێت و پێی بڵێ:

دڵنیام کە، / چیی تر گەنمی تاڵە قژەکانم/ ڕێژنەی ماچ تەڕیان ناکات/ چونکە نیشتمانی سەرابی ڕووت/ خستمییە گەرووی پامیامێکەوە/ پاکیزەییمی/ کرد بە دەمامکی گوناه و/کچێنیمی کرد بە قەرەبرووت، ل٥٣.

بەڵێ نیشتمانێک، کە مەیل و خەونی هەموو مرۆڤێکی وەک سەراب، وەک تەمێکی نەناسی زستانە، کە تەنیا هەڵدەکات، بەڵام هەرزوو لەباردەبرێن و هەم بێگەردی هاژەی سولی بەرزی لێ دەستێنن و هەمیش کچێنی دەدزن و ئاور دەدەنە ڕوخساری فریشتە ئاسای، ئیتر نە ماچی خۆشەویستی، نە هەستی مرۆڤدۆستی نییە تا بیلاوێنێتەوە. هەموو ئەمانە لەگەڵ کچێنیدا مانا دەبەخشنە خێڵ و هەر زووش بێ مانایی دەبەخشنە گوناهێک، کە بێ گوناهییە.